# من و تۆ

شیعری: ئیدریس شەیداهۆ

ئای ئێمە چەند کۆیلەی ساتەکانی ئەوین بووین..

شەومان بەخەو رادەسپاردو بەیانیانیش نائومێدی  بەنجی دەکردین..!

ئێمە دوو عاشقی سەر لێشێواوی ساتەکانی بێ هیوایی رۆژگار بووین.

کەچی ئێستاش لەبەردەم ئیعترافەکانی زەرەردا خۆمان تەسلیم بەئاستانەی خەیاڵ نەکرد

ئێمە دوو کۆتری سەرلەهەڵگرتوو بووین، کەچی رۆژێك نە تۆڕی راوچی و

نە کورە شوانکارەیەك شوێن پێیەکانی نەبینین.

چەند کۆیلە بووین لەم گەردوونە

ئێمە دوو مرۆڤی گوناهی ئەم زەمینە بووین

بەڵام  تۆ گوناهبارترو من تۆزێ ئەهوەنتر بووم..

ئەی خاوەنی هەموو گوناهەکانم..!

*        *        *

دەمەوێ بێمەوە لات و دوو وشەی نهێنیت بۆ ئاشکرا بکەم

دەمەوێ بێمەوە لات و دوو راستیت پێ بڵێم

یەکیان ئەوەیە: من هەمیشە کڕنۆشم بۆ جوانیت دەبردو تۆش هەمیشە بەنزاکانی من یاریت دەکرد..!

دووەم: من بەردەوام تۆم دەپەرست و تۆش بەردەوام گەمەت لەگەڵ دەنکە مرواریەکانی عەشقم دەکرد..

ئەی جوانترین یار.. ئەی زاڵمترین یار

کەی جارێکی تر بەشێتیەکانی خۆت شێتم دەکەیتەوە

ئەی جوانترین شێت، ئەی عاقڵترین مرۆڤ..!

بیر کەرەوە، ژیان شەوو رۆژێکەو دەبڕێتەوە..!

لەوە زیاتر شێتم مەکەو تەمەنیش ماوەی بیرکردنەوەی تەسك کردووم،

یا بەتەواوی لێم دوور کەوە،

یا ساتە سەرشێتیەکانم بەرووناکی دیدارەکانت جوانتر کەوە،

من سوهرابێکی عاشق و سەر شێتم

کەس نەمکوژێ، داخ و کەسەرەکانی تۆ وێرانم  دەکا،

ئەی تازە یار..!

وێرانترم مەکە بەرگەی ئەو هەموو ئازارە ناگرم..

دوو بەیانی تەلەفۆنت بۆ دەکەم، یا بەنجم کە یا دلشاد،

ئاگات لەدایکت بێ با بەدەردو نەخۆشییەوە تەواو نەبێ..!

شەوانە مۆبایەلەکەت داخە با لەمە زیاتر غیرەت لێ نەکەم،

چونکە منیش پیاوێکی چاوچنۆکم..!

نەوەك لەنێو کونی مۆبایلەکەت، سەرشێتانە بێمە ژووری..!